# تەفسیری ئایەتی

# ژمارە ( ٢ تـــا ٤ ) لەسورەتی الأنفال

[ كردي – كوردی – kurdish ]

**ئامادەكردنی: عبدالسلام موحەمەد پشدەری**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( تفسير الآيات: ٢ ـ ٤ من سورة الأنفال )

« باللغة الكوردية »

إعداد: عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ ـ ٢٠٠٩

islamhouse.com

# تەفسیری ئایەتی

# ژمارە ( ٢ تـــا ٤ ) لەسورەتی الأنفال

**خوای گەورە دەفەرمويت: { إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (٢) الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ (٣) أُولَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا لَهُمْ دَرَجَاتٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ (٤) }.**

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کەمۆڵەتی داین جارێکی تر بێیینەوەخزمەت تەفسیری چەند ئایەتێکی تر لەقورئانی پیرۆز، بەو هیوایەی إن شاء الله ببێتەمایەیڕەزامەنی پەروەردگار وپاشان خوێنەرانی بەڕێزیش :

خوای گەورەومیهرەبان لەم ئایەتانەدا چەند سیفات ورەوشتێکی بەرزی باوەڕدارانمان بۆ باس دەکات تاوەکو ببێتەپرۆگرامێکی هەمیشەیی وتەواوی ئیمانداران ژیانی خۆیانی پێ پرازێننەوە، بەو هیوایەی کەخوای گەورەیان لێ ڕازی بێت وەلەدونیا ودواڕۆژدا بیانخاتەبەر ڕەحمەتی خۆیەوە، لەدونیادا ژیانێکی ئاسوودەولەقیامەتیشدا بەهەشتێکی هەتا هەتاییان پێ ببەخشێت .

( **إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ** ) باوەڕدارانی ڕاستەقینەودڵسۆز هەر ئەوانەن کەکاتێك یاد وذکری خوا کرا لەلایاندا، دڵ ودەروونیان لەبەر گەورەی ئەو زاتەبەرز وپیرۆزەدەکەوێتەلەرزەوترسی لێ دەنیشێت .

لەم ئایەتەوەئەوەفێر دەبین باوەڕدار دەبێت هەمیشەوهەردەم یاد وذکری خوای گەورەبکات ولەمەجلیس وکۆڕ وکۆبوونەوەی ذکردا دابنیشێت، چونکەئەو کۆڕ وکۆبونەوانەجێگای ڕەزامەندی خوای گەورەن، وەك پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : " ما اجتمع قوم فى بيت من بيوت الله يذكرون الله فيها إلا نزل عليهم السكينة، وغشيتهم الرحمة، وحفتهم الملائكة،

وذكرهم الله فيمن عنده ) [ سنن أبو داود، كتاب الصلاة، باب تفريع أبواب الوتر - باب في ثواب قراءة القرآن،حديث : ١٢٥٦ ] واتە: هیچ كۆڕ وكۆمەڵێك لەماڵێك لەماڵەكانی خوادا كۆنابنەوەبۆ یاد وذكری خوا كردن، ئیلا دڵ ئارامی وسەكینەتیان بەسەردا دەبارێت، وەڕەحمەت وبەزەیی ومیهرەبانی خوای گەورەدایان دەپۆشێت وپەرورەدگاریش لای فریشتەكانی خۆی بەچاكەناویان دەهێنێت .

دەبێت مرۆڤی باوەڕدار كاتێك یادی خوای گەورەدەكات دڵی ئاگادرای ئەو یادكردنەبێت، بەشێوەیەك بتوانێت لەماناكانی تێ بگات ولەو ڕێگاوەلەگەورەی و ودەسەڵاتی پەروەردگاری تێ بگات وبیری لێ بكاتەوە، ئەو كاتەی كەزمان ودڵی باوەڕدار بەیەكەوەگرێدران بۆ یادی پەروەردگاریان بێگومان كاریگەری دەبێت لەسەر سلوك ورەوشتی ئەو كەسە .

عەبدوڵڵای كوری عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت : مرۆڤی دوو ڕوو ( منافق ) هیچ شتێك لەیاد وذكری خوای گەورەناچێتەناو دڵەكانیانەوەلەكاتی ئەنجامدانی یەكێك لەفەرزەكانی خوای گەورە، چونكەدووڕوو باوەڕی نیەبەنیشانەو بەڵگەكانی خوا وەهیچ كاتێكیش پشت بەئەو نابەستێت، وەلەكاتێكیشدا كەس دیار نەبێت نوێژەكانی ناكات وزەكاتی ماڵ وسامانیشی دەرناكات، هەر لەبەر ئەوەیەخوای گەورەبەباوەڕداریان ناژمێررێت، چونكەكارەكانیان لەبەر ڕووپامایی وچاوی خەڵكە.

( **وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا** ) یەكێكی تر لەسیفەتی باوەڕداری ڕاستەقینەئەوەیەهەر كاتێك ئایەتەكانی قورئانی پیرۆزیان بەسەردا بخوێنرێتەوەباوەڕیان پێی زیاد دەكات وزیاتر گەرمو گوڕتر دەبن لەسەر بەجێ هێنانی فەرمانەكانی خوا وپێغەمبەرەكەی ( صلى الله علیه وسلم ) .

مەسئەلەی زیاد وكەم كردنی ئیمانیش بەشێكەلەبیروباوەڕی ئەهلی سوننەت وجەماعەت، بەوەی باوەڕی مرۆڤی موسڵمان بەطاعەت وبەجێهێنانی فەرمانەكانی خودا زیاد دەكات و بەمەعصیەت وتاوانیش كەم دەكات، ئیمامی بوخاری وزۆرێك لەپێشەواو وزانایانی ئیسلام ئەم ئایەتەدەكەنەبەڵگەلەسەر ئەوەی ئیمان زیاد وكەم دەكات، ئەمەش وەك ووتمان مەزهەبی ئەهلی سوننەت وجەماعەت وجمهوری زانایانی ئیسلامە

( **وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ** ) ئەو باوەڕدارانەیەكێكی تر لەسیفەتەجوانەكانیان ئەوەیەكەتەنها وتەنها پشت وپەنایان بەخوای گەورەدەبەستن وهەموو ڕاز ونیازێكیان دەبەنەخزمەت ئەو زاتەبەرز وپیرۆزەكەتەواوی مەخلوقات وبوونەوەر نیازیان پێیەتی وپێویستیان بەڕەحم ومیهرەبانی ئەوە، چونكەدەزانن هەر ئەوەپادشا ومەلیكی دونیا ودواڕۆژیش، وەهەر شتێكیش ئەو بڕیاری

لەسەر دابێت هەر دەبێت، وەئەوەشی ئەو ڕازی لەسەر نەبێت ناکرێت وجێ بەجێ نابێت، وەهەرکەسیش خوای گەورەپشت وپەنای بێت بەسیەتی کەبێت بەهانایەوەلەهەر جێگایەکدا هاواری بۆ بەرێت .

ئەوەی تا ئێرەباس کرا هەمووی پەیوەندی بەکار وکردەوەکانی دڵەوەهەبوو، واتەچۆن ئەندامەکانی مرۆڤ هەندێك لەئەرکانەکانی ئیمان وئیسلام جێ بەجێ دەکەن بەهەمان شێوەدڵیش کار وکردەوەی خۆی هەیەوەك ( بەڕاست زانینی خوایەتی خوای گەورەوخۆشەویستی ئەو زاتەوپشت بێ بەست وترس لێی و ئومێدی خێر بەمیهرەبانی پەروەردگار و .... )

لەپاشان خوای گەورەدێتەسەر باس کردنی چەند سیفەتێکی تری باوەڕداران ودەفەرموێت: ( **الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ** ) ئەوانەی کەنوێژەکانیان بەڕێکوپێکی ئەکەن ولەو ڕزق و ڕۆزیەش کەخوای گەورەپێانی بەخشیوون لەڕێگای خوادا دەبەخشن جا بەخشینی زەکات بێت کەواجبێکەومرۆڤی باوەڕدار هەر کاتێك ماڵ وسامانی گەشتەئەو ئەندازەیەی کەئیسلام دیاری کردووەدەبێت زەکاتی لێ دەربکات، یان بەخشینی صەدەقەبێت واتەبەئارەزووی خۆی ولەبەر ڕەزامەندی وخۆشەویستی خوای گەورەلەو ماڵ ودارایيەی کەپێی بەخشیوەدەست گیرۆی هەژاران و لێقەوماوان دەکات، وەچاوەڕێی هیچ پاداشت وسوپاسێکیش نیەلەو کەسانە، چونکەئەم تەنها مەبەستی ڕەزامەنی پەروەردگاریەتی .

خوشك وبرایانی خۆشەویست نوێژکردن وئەنجام دانی لەکاتی خۆی و بەجەماعەت فەزڵێکی گەورەی هەیەوپاداشتێگی یەکجار مەزنی بۆ ئامادەکراوەلای خوای گەورەبەشێوەیەك خۆشەویسترین شتێك لای پەروەردگار وەك لەفەرموودەیەکدا هاتووەئەنجامدانی نوێژەکانە لەکاتی خۆیدا، عن ابن مسعود ( رضى الله عنه ) سالت النبى ( صلى الله عليه وسلم ) أي العمل أحب إلي الله تعالى؟ قال : الصلاةعلى وقتها، قلت ثم أي؟ قال : الجهاد فى سبيل الله، قلت ثم أي ؟ قال : بر الوالدين ) [ صحيح البخاري - كتاب مواقيت الصلاة، باب فضل الصلاة لوقتها - حديث : ٥١٣ ] واتەپرسیارم کرد لەپێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) چ کارێك لای خوای گەورەزۆر خۆشەویسترە؟ فەرمووی : ئەنجامدانی نوێژەکان لەکاتی خۆیدا، ووتم پاشان چی تر؟ فەرمووی : تێکۆشان لەپێناوی خوادا، ووتم پاشان چی تر ؟ فەرمووی : چاکەکردن لەگەڵ دایك وباوکدا .

لەكۆتایدا خوای گەورەدەفەرموێت : ( **أُولَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا لَهُمْ دَرَجَاتٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ** ) واتە: ئەو سیفاتانەی كەباسكراو باوەڕداران ئەنجامی دەدەن، ئەو كەسانەبەڕاستی وبێگومان باوەڕداری ڕاستەقینەن،(چونكە كردەوەكانیشیان خستوەتەپاڵ ئیمانەكەیان ) هەر كەسیش ئاوا بێت شایستەی ئەوەیەخوای گەورەبەسۆز ومیهرەبانی خۆی ڕێزی لێ بنێت وپاداشتی گەورەیان بۆ ئامادەبكات لەپلەوپایەبەرزەكانی بەهەشت لەلای خۆی و لێیان خۆش ببێت وچاوپۆشی بكات لەتاوانەكانیان و ڕزق ورۆزی، پاك وخاوپنیشیان پێ ببەخشێت لەنازو نیعمەتەنەبڕاوەكانی بەهەشت .

خوای گەورەبەڕەحم وكەرەم ومیهرەبانی خۆت بمان گێریت لەم باوەڕدارانەولەڕیزی ئەواندا بمانژمێریت ( آمین ) .

سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين